**برام ..**

# دكتۆر فايەق گوڵپی

ئەو بابەتەی لە ژمارە 323 ی ئەم سایتە ئازیزەی دەنگەکاندا بلاوتان کردەوە کە گوایە هەموو حاکمەکانی هەولێرو سلێمانی هەمیشە عەلقە لەگوێی دەسەلاتن و حاکمانی سلێمانی منالێ کوژو حاکمانی هەولێریش نووسەر کوژ ... زۆر نیگەرانی کردم لەبەر دوو هۆ :

1- سەبارەت بە حاکمەکانی سلێمانی کە من یەکێکیانم ، بەوە تۆمەتبارت کردوون کە لە سەردەمی رژێمدا ، بە هەماهەنگی لە گەڵ دکتۆرەکانی ئەودەمەی سلێمانی ، تەمەنی مێرمنداڵیان گەورە کردووە تا بەر سزای لە سێدارەدان کەون و لە دەمی دوژمنانەوە ئافەرینێکیان بەر کەوێت !

ئێمە گلەیی لەو گشتاندنەی بەرێزتان دەکەین کە دادوەرێکت لێ نەبواردووە و هەموویانت بەو ئاگرەوە سوتاندووە . ئەگەر ئەو قسەی بەرێزتان راستەو خۆتان بە چاوی خۆتان ئەو فایلانەتان بەر چاو کەوتووە ئەوا داوات لێ دەکەین وەك دیکۆمێنت بلأویان بکەیتەوە ، ئەگەرەکیش فایلت لەبەر دەستا نین ، ئەوا دەکرێ ناوی ئەوان دکتۆرو داوەران بخەیتە سەر بەرێ ، ئەوسا سپی و رەشمان بۆ جیا دەکرایەوەو .....!

2- بۆ هەتا هەنووکە لە پەردە لادانی ئەو کارەساتە جگەر برە بێ دەنگ بوون ؟ ( ئەگەر وابێ ) .. ببورە ئەگەر بلێم : درکاندنی ئەم نهێنییە لەم ساتە وەختە دا ، گومان و پرسیارگەلێك دێننە گۆرێ . کە داخوا تۆمەتبار کردنی حاکم و دکتۆرانی سلێمانی پاش شکستی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان ( کە بەرێزتان سەرکدایەتی دەکەن ) لە شەرِی هەڵبژاردندا هیچ میسداقیەتێك لە ئامێز دەگرێت !؟

ئیتر حورمەت ...

براتان

حاکم قوباد

سلێمانی 25\ 12\ 2005